Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.2.9

OPEN ACCESS
*Corresponding author
aram.qadir@su.edu.krd
Aram Ghareeb Qadr

# کاریگەری بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا

RECEIVED:20/06/2025
ACCEPTED:10/08/2025
PUBLISHED:25/12/2025

**ئارام غریب قادر** / بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پخشان حویز حسن**/ بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**سرهد عثمان رمضان**/ بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**اشقی سلێمان حسو**/ بەشی زانستە گشتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
مۆدێلی (Neale)، بەدەستهێنانی چەمکەکان، بابەتی کۆمەلایەتی.

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە کاریگەری بەکارهێنانی مۆدێلی(Neale) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئەزموونییان بەکارهێنا و پشتییان بەست بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو) و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە قوتابیانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسلاوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە (48) قوتابی لەخۆگرتبوو، کە هەرەمەکییانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکران، بەشێوەیەک کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە مۆدێلی (Neale) وانەیان پێگوتراوە (24) قوتابی لەخۆگرت، و( 24 ) قوتابیش لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێگوتراوە.

توێژەر(١٥) پلانی وانەوتنەوەی ئامادەکرد، بەشێوەیەک (١٥) پلان بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەکارهێنانی مۆدێلی(Neale)، و(١٥) پلانیش بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی، و ئەزموونەکە(8) هەفتەی لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی(٢٠٢٤-٢٠٢٥) خایاند. و دوای جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە و کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری (SPSS)، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

٢- بەکارهێنانی مۆدێلی(Neale) کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

**١- ناساندنی توێژینەوە**

**١-١ کێشەی توێژینەوە**

ســتراتیژیەت و ڕێگای وانەوتنەوەی ســەرکەوتوو ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی چالاکتر و ئەرێنی تر دەبەخشــێ بە قوتابییان، هەروەک فاضل (٢٠١٨) ئاماژەی بەوە داوە کە گرنگی ستراتیژیەتەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ لەوەدایە، کە قوتابی لە پلەی یەکەم دادەنێت لە نێوان پێکهاتەکانی کرداری فێرکردن لەپێناو باشــکردنی دەســتکەوتی خوێندنی قوتابییان و پارێزگاریکردن لە زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هزر و بیریاندا، بۆیە وا پێویســت دەکات ئەو ســتراتیژیەت و ڕێگایانەی هەڵدەســتن بە خوێندنەوە و فێرکردن لەلایەن مامۆســتا و گوێگرتن و ئەزبەرکردن لەلایەن قوتابییان بگۆڕدرێن بە ســتراتیژیەت و ڕێگای نوێ کە جێری هەبێ و بیری قوتابی چالاک بکات و داوای لێبکات چالاک و کاریگەر بێت لە کرداری فێرکردن (فاضل، ٢٠١٨، ل٨٤١ )، توێژەران، هەستییان بە بوونی ئەم کێشەیە کرد بەو پێیەی سیستەمی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان لە زۆر لایەنەوە لەسەر بنەمای تیۆری فێرکردنی کلاسیکییە، وەکو ژینگەی فێرکاری و بینای قوتابخانەکان و زانیاری نێو پرۆگرامەکان، گرفتی زۆری خستووەتە بەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، هەروەها دابەزینی ئاســتی دەســتکەوتی مەعریفی قوتابییان لە پرۆگرمەکانی خوێندن بە گشــتی وبابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی دەدرێتە پاڵ ئەو مامۆســتایانەی کە پشــت دەبەســتن بە ڕێگا ئاســاییەکان وەکو ڕێگای وتار، چونکە وا لە قوتابی دەکات ببێتە تەوەری لاوەکی و بەشــداری وانەکە نەکات، و پێشــوازی لە زانیارییەکە بکات بەبێ هەوڵ و ماندوو بوون و تێگەیشــتن، جگە لەوەی لە ڕێگا ئاســاییەکان ڕەچاوی جیاوازییەکانی تاک ناکرێت لە نێوان قوتابییان، بۆیە قوتابی زۆرجار بیر و هۆشــی لەســەر وانەکە دەڕوات و تووشــی بێزاری و خەمۆکی دەبێت، کە توێژەران پێیان وایە بەکارهێنانی ســتراتیژیەت و مۆدیۆلە تازەکانی وانەوتنەوەو چارەســەری زۆرێک لە کێشــانە دەکات، چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

**-کاریگەری بەکارهێنانی مۆدێلی نیل لەســەر بەدەســتهێنانی چەمکەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا چییە؟**

**٢-١ گرنگی توێژینەوە**

وانەوتنەوەی سەردەم گرنگی زۆر بە ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە دەدات، بۆیە پێویست دەکات کار لەســەر پەرەپێدان و باشــترکردنیان بکرێت، دەبینین شــارەزایان و پســپۆڕان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ســتراتیژیەت و ڕێگای فێرکردنی نوێ، چونکە بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی وانەوتنەوەی هاوچەرخ لەلایەک ئامانجی پێشخستنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری فێرکارییانەی مامۆستایانە لەناو پۆل و دەرەوەیدا، لەلایەکی ترەوە بەشداری لە گۆڕینی ڕۆڵی قوتابی دەکات لە دۆخێکی نەرێنییەوە بۆ ڕۆڵێکی چالاک و زیندوو، تاکو قوتابی بە دوای زانیاری نوێدا بگەڕێت و بەرهەمهێنی بیرۆکە و بۆچوونی نوێش بێت ( کەریم، ٢٠١٤، ل١ ). نموونەی نیڵ(Neale) یەکێکە لەو نموونە گرنگانە کەلەکاتی وانەووتنەو ســوودی زۆری دەبێت بۆ قوتابییان و پرۆســەی وانەوتنەوە چالاکتر دەکات، قوتابی دەکات بە چەقی فێربوون، هەروەها کاریگەری گەورە دروستدەکات لەسەر ماوەی مانەوەی زانیارییەکان لای قوتابییان و ئاسان تێگەیشتنی بابەتەکان.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەتوانرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە:

-ســوود گەیاندن بە مامۆســتایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم مۆدێلە.

-جێبەجێکردنی مۆدێلی نیڵ (Neale) لە وانەوتنەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە چەمکەکان بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست.

-سوودی بۆ مامۆستایانی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە نموونەیەک پێیشکەش دەکات کە گرنگی بە فێرکردنی زیاتری قوتابییان دەدات.

-دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر کاریگەری مۆدێلی تر لە پرۆسەی وانەوتنەوە.

– توێژینەوەکە سەرچاوەیەکی نوێی زانستییە بۆ پەرتووکخانەی زانیاری هەرێمی کوردستانی عێراق، کە بەشێوەیەکی گشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان سوودی لێدەبینن.

**١-٣ ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale)لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا.

**١-٤ گریمانەی توێژینەوە**

هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزمونکاری کە بە بەکارهێنانی مۆدێلی نیڵ وانەیان پێ دەوترێتەوە و ناوەندە ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بە بەکارهێنانی شێوازی تەقلیدی وانەیان پێدەوترێت لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لە بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**١-٥ سنووری توێژینەوە**

توێژەران توێژینەوەکەیان سنووردار کرد لەم بوارانەی خوارەوە:

١ -سنووری مرۆیی: قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی بنەسلاوە- هەولێر.

٢ -سنووری ماوەیی: لە (٢٠٢٤/٩/٢٥ تاوەکو٢٠٢٥/٦/١).

٣- سنووری بابەتی: توێژینەوەکە بەندەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی وەرزی دووەم، لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی(٢٠٢٢) - چاپی شانزەهەم بڕیاری لەسەردراوە

**١-٦ زاراوەکانی توێژینەوەکە و پێناسە ڕێکارییەکانیان:**

**١-٦-١ مۆدێلی نیل:**

_ **الساعدی(٢٠٠٩):** مۆدێلێکە لە فێرکردن، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای بیرۆکەی تیۆری بونیادگەرایی دامەزراوە و پێکهاتووە لە قۆناغەکانی فێرکاری ڕاستەوخۆ، لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوە، ڕوونکردنەوە، دەربڕین، دیالۆگ، گفتوگۆ، بەکارهێنان، پوختکردنەوە و داخستنی (الساعدی، ٢٠٠٩، ل٧٨٨).

-**المساری(٢٠٢١): بەم شێوەیە پێناسەی کردووە:** مۆدێلێکی پەروەردەیی مەعریفی بۆ ڕێکخستنی فێرکردنی چەمکەکان، و هەشت هەنگاوی ڕێکار لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: پێداچوونەوە، پێداچوونەوە، لێکۆڵینەوە، چالاکییەکان، دژایەتی، دەربڕین، گفتوگۆ، گفتوگۆ، داهێنان، بەکارهێنان، پوختکردنەوە، و داخستنی (المساری، ٢٠٢١،ل ٨).

**پێناسەی ڕێککاری توێژەران:**

توێژەران پێیان وایە مۆدێلێکی فێرکردن–فێربوونی ئاڕاستەکراوی بنیاتنەرە لە وانەوتنەوە، کە ڕەچاوی جیاوازی توانا و خواست و تایبەتمەندییەکانی قوتابییان دەکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.

**١-٦-٢ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

**_المدیر العام (٢٠١٠) پێناسەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکات:** کە گوزارشتە لە کۆمەڵێک پسپۆڕی زانستی، کە لە لایەنە مرۆییەکانی ژیان دەکۆڵێتەوە، بەڵام جیاوازە لە زانستە مرۆیی و هونەرییەکان، هەروەها زانستە کومەڵایەتییەکان بە زانستە نەرمەکان دادەنریت بە بەراورد بە زانستە پەتییەکان لە گرنگترین بە شەکانی زانستە کومەڵایەتییەکانیش بریتین لە مرۆڤناسی و پە روەردە و فێرکردن مێژوو جوگرافیا... هتد )(المدیر العام، ل ٢٠١٠).

-**أحمد ونوري (٢٠١٩) پێیان وایە:** زانستە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی خویندن، لەبەرئەوەی بابەتێکی گشتگیر و کومەڵێک زانستی کۆمەڵایەتی گرنگ لەخودەگرێت، هەرچەندە بەشیوەیەکی گشتی لە مێژوو و جوگرافیا پێکدیت، بەڵام ناوەڕۆکە زانیاری و بەرنامەییەکەی و شارەزاییەکەی تێکەڵی زانستەکانی تری وەکو ئابوری و کومەلناسی و ئامار و ڕامیاری و چەندانی تر دەبیت. (أحمد و نوری، ٢٠١٩ ل ١٢٣-١٢٤).

**-پیناسەی ڕێکاری توێژەران:**

زانستە کومەڵایەتییەکان سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بابەتی کومەڵایەتیین و لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دەخوێندرێت لە پۆلی چوارەم بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، کە بریتیین لە هەریەکە لە جوگرافیا - مێژوو - هاونیشتمانیبوون پەروەردەی مەدەنی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی تری پەروەردە لەخۆدەگرێت، کە لەلایەن ماموستایانی تایبەت بەو بابەتانە دەوترێتەوە.

**١-٦-٣ بەدەستهێنان:**

- **دیڤز (١٩٧٧) پێی وایە:** بریتییە لە (توانای فێرخواز بۆ جیاکردنەوەی ئەو نموونانەی سەر بە چەمکەکەن، و ئەو نمونانەی سەر بەو چەمکە نین و دیاریکردنی تایبەتمەندی و مەرجەکانی بەس بۆ ئەوەی هەر یەکێک بێت (دەیڤس، ١٩٧٧، ل ١٣).

-**أبو جادو (٢٠٠٣)دەڵێت بەدەستهێنان:** بریتیە لەوەی (یەکەم قۆناغی فێربوونە کە لەڕێگەیەوە زیندەوەران ڕەفتاری نوێ دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی). (ئەبو جادو، ٢٠٠٣، ل٤٢٤).

**-پێناسەی ڕێککاری توێژەران:**

توانای قوتابی بۆ ناسینی چەمکەکە بە ڕوونی و دیار لەڕێگەی ئەو نموونانەی سەر بە چەمکەکەن و ئەو نموونانەی سەر بە چەمکەکە نین، و ئەگەری جێبەجێکردنی ئەمە لە بارودۆخە جیاوازەکانی پەروەردەیی و ژیاندا.

**١-٦-٤ چەمکەکان:**

- **أبو رياش (٢٠٠٧)پێی وایە**:کە ئەوە (کۆمەڵێک بابەت، هێما، توخم، یان ڕووداوێکە تایبەتمەندی جیاوازی هاوبەشیان هەیە). (أبو رياش، ٢٠٠٧،ل ٨١).

- **أمبوسعيدي(٢٠١٦)بەو جۆرە پێناسەی دەکات:** وشەیەک یان زاراوەیەکە مانای زارەکی هەیە، وەک چۆن پێناسەی دەکەن وەک ئەبستراکتێک لە توخمە هاوبەشەکانی شتێک بۆ چەند دۆخێک یان ڕاستییەک (ئەمبوسەیدی، ٢٠١٦، ل ٨٦).

**-پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان:**

بەدەستهێنانی چەمک بریتییە لە کۆمەڵێک چەمک و ڕەمز و توخم، کە بیرۆکە و چەمکە سەرەتاییەکان لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا تێدەگەن و فێردەبن و دەناسرێنەوە. ئەم پرۆسەیە بۆ فێربوونی کاریگەر و بنیاتنانی زانیاری زۆر پێویستە.

**٢- چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١ چوارچێوەی تیۆری**

**٢-١-١ تیۆری بونیادگەرایی:**

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانێکی گەورە لە دیدگای پرۆسەکانی فێرکردن و فێربووندا بەدیکرا، بەو پێیەی گواستنەوەیەک لە فێربوونی ڕووکەشەوە ڕوویدا، بۆ ئەوەی پێی دەوترێت فێربوونی مانادار، یان ئاڕاستەکردنی ڕاستەقینە بۆ فێربوون و ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو شتەدا بوو کە پێی دەگوترا تیۆری بونیادگەرایی.

تیۆری بونیادگەرایی بە یەکێک لە ڕەوتە مۆدێرنەکانی فێرکردن و فێربوونی بیرکاری دادەنرێت، هەروەها دەتوانرێت لە کاتی دارشتنی مەنهەجی بیرکاری و خولی ئەکادیمیدا بەکاربهێنرێت بەهۆی ڕۆڵی کاریگەرانەی لە چالاککردنی قوتابی

و یارمەتیدانی بۆ بەکارهێنانی توانا دەروونییەکانی، کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە چەمکەکان و پرۆسێسکردنی زانیاری، و پێکهێنانی پێکهاتەی مەعریفی خۆی بە ڕێنمایی مامۆستا لەبری وەرگرتنی زانیاری بە شێوەیەکی ئامادەکراو و لەبیرکردن هەر کاتێک پێویست بوو وەریگرتەوە، بۆیە تیۆری بونیادگەرایی "یەکێکە لە تیۆرییە هاوچەرخەکانی کاریگەر لە پەروەردەدا بەگشتی، و لەگەڵ فیزیۆلۆژیای عەقڵی مرۆڤدا هاوئاهەنگ بوو، و چەمکی فێربوون بەرجەستە دەکات." وەک پرۆسەیەکی بیناسازی" (عبید،٢٠٠٤،ل٤ ).

هەروەها باس لەوە دەکەن، کە تیۆری بونیادگەرایی، بە هەموو مۆدێلەکانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی بیری بونیادگەرایی، کە لە دەوری ڕێبازێکی فیکری کە باس لە پێکهاتنی زانیاری دەکات و تەکنەلۆجیا و تەکنەلۆژیا تێکەڵ دەکات پەروەردە بە یەکێک لەو بوارانە دادەنرێت، کە زۆرترین کاریگەری فەلسەفەی بونیادگەرایی لەگەڵ ڕەوتە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانیدا هەیە، بەو پێیەی فێرخوازەکە وەک کەسێکی کارا دەڕوانێت، زانین لەڕێگەی کارلێککردنی لەگەڵ زانیاری و لەگەڵ ئەزموونی کەسانی دیکە، نەک لەڕێگەی دروستکردنی وێنە یان کۆپی واقیعەوە(عفانە والجیش،٢٠٠٨، ل ٥٨).

### ٢-١-٢ پێناسەی تیۆری بونیادگەرایی:

زاراوەی بونیادگەرایی تاڕادەیەک نوێیە، هەر بۆیە پێناسەیەکی تایبەت و گشتگیر بۆ تیۆری بونیادگەرایی نییە، لەوانەش ئەو چەمک و مانا و پرۆسە دەروونیانەی کە لەخۆی دەگرێت، بەڵام تیۆریستەکانی بونیادگەرایی هەوڵیانداوە وەک "فەلسەفەی پەیوەندیدار بە فێرخوازەوە پێناسەی بکەن، کە وا گریمانە دەکات فێرخوازان تێگەیشتنی خۆیان لەسەر بیرۆکەی نوێ بنیات بنێنەوە"، یان ئەوە "پرۆسەی وەرگرتنێکە کە فێرخوازان لەخۆبگرێت هێنانە ناوەوەی مانا نوێیەکان لە چوارچێوەی زانیاری دەستبەجێی خۆیان لەگەڵ ئەزموونەکانی پێشوویان و ژینگەی فێربوون (شلایل، ٢٠٠٣، ل٢٣).

مۆنا محمد (٢٠٠٤) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "فێرخواز پشت بە ئەزموون و زانیارییەکانی پێشووی خۆی دەبەستێت، بۆ ئەوەی زانستی نوێ بنیات بنێت، لە ئامادەبوونی مامۆستایەک کە ئاسانکار و یاریدەدەرە بۆ بنیاتنانی زانست، بە ئەنجامدانی چالاکییەکان و ئەو ستراتیژیانەی لە دۆخی پەروەردەدا بەکاریدەهێنن، و هاندانیان بۆ بەرهەمهێنانی چەندین لێکدانەوە بۆ ئەوەی فێربوون ببێتە مانادار بۆیان(محمد، ٢٠٠٤، ل ٨٩ ).

### ٢-١-٣ بنەماکانی تیۆری بونیادگەرایی:

بونیادگەرایی لەسەر کۆمەڵێک بنەمای بنەڕەتی دامەزراوە، کە ئەمانەن:

١ - زانیاری پێشووی فێرخواز جێگەی سەرنجی پرۆسەی فێربوونە، بەو پێیەی تاک (فێرخواز) زانیارییەکانی لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی پێشوویدا بنیات دەنێت.

٢ - زانیاری پێشوەختەی فێرخواز مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی فێربوونی مانادار، بەو پێیەی کارلێکی نێوان زانیاری نوێی فێرخواز و زانیاری پێشوەختەی یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی فێربوونی مانادار.

٣ -فێربوون ڕوونادات تا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی مەعریفی تاکدا ڕوونەدات، بەو پێیەی بیرۆکە و ئەزموونە هەبووەکان ڕێکدەخرێنەوە کاتێک زانیاری نوێ دەخرێنە ناوەوە.

٤ -فێربوون باشترین کات ڕوودەدات کە تاک (فێرخواز) ڕووبەڕووی کێشە، دۆخێک، یان ئەرکێکی ڕاستەقینە و واقیعی دەبێتەوە. فێربوون لەسەر بنەمای کێشە یارمەتی فێرخوازان دەدات مانا لەو شتانەدا دروستبکەن، کە فێری دەبن و متمانە بە تواناکانیان پەرەپێدەدات

٥- پرۆسەی فێربوون بریتییە لە بنیاتنانەوەی زانستەکانی فێرخواز لە ڕێگەی پرۆسەی دانوستانی کۆمەڵایەتییەوە، واتە فێرخواز لە ڕێگەی چالاکییەکانی خۆیەوە کە لە ڕێگەیەوە مانای تایبەتی خۆی لە مێشکیدا هەیە، زانستی خۆی بنیات نانێت، بەڵکو لە ڕێگەی دانوستانی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مانایانەی کە پێی گەیشتووە، دروستی دەکات، کە لە ئەنجامدا دەستکاریکردنی ئەم مانایە دەبێت (أبوریاش، ٢٠٠٧، ل ٧٢٨ - ٢٨٨) (الطنطاوی، ٢٠٠٩، ل ١٨٢).

**٢-١-٢ نموونەی (Neale):**

ئەم مۆدێلە لەلایەن دانیال نیل و چارلز ئەندەرسۆن لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینی دروستکراوە لە پەرەپێدانی ئەم مۆدێلەدا، سوودمەندبوون لەو بیرۆکانەی لە خولی فێربوون و نەخشەی چەمکەکاندا هاتووە، چونکە فێرکاری ڕاستەوخۆ سەرنجی مامۆستا لەسەر دەرئەنجامەکانی فێربوون بۆ قوتابیەکانی چڕدەکاتەوە، هەروەها مامۆستا باس لە بابەتەکەی وانەکە دەکات، وەک پێشکەشکردنی زانیارییە سەرەتاییەکان کە بەسوودە بۆ قوتابییان و ناتوانن بەشێوەیەکی تر بگەنە بەرژەوەندی و پاڵنەرەکانی قوتابی فێربوون، شارەزابوون لە ڕاستییەکان، یاسا و ڕێکارەکانی پێویست بۆ فێربوونی دواتر، و ڕێگە خۆشکردن. چالاکیەک کە لە ڕێگەی وانەوتنەوە ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت، کە پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی پێشوودا دەکات، یاسا و ڕێسای زانستی بیردەخاتەوە بۆ قوتابییان، چۆنیەتی ئەنجامدانی کارە پێویستەکان و چۆنیەتی کارپێکردن و دانانی ئامێرەکان بۆیان ڕوون دەکاتەوە و دەرەنجام و تاقیکردنەوە و چالاکییە زانستییەکان لە چوارچێوەی شێوازەکانی تری فێرکردندا دەربهێنن (الخليلي، ١٩٩٦، ل ٢٤٨).

دانیال و هاوکارەکانی بە پشتبەستن بە هەندێک بیرۆکەی بونیادگەرایی کە لە خولی فێربوون وەرگیراون، ئەم مۆدێلەیان داڕشتووە، کە یەکێک لە قۆناغەکانی لەسەر بنەمای دۆزینەوەی چەمکەکە دامەزراوە، کە تیایدا مامۆستا کەرەستە و پرسیار، یان وێنە و ئاراستەی گونجاو دەدات بە قوتابییان، بۆ ئەوەی پەیڕەوی لێبکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئەزموونە هەستیارە ڕاستەوخۆکانی پەیوەست بە چەمکەکەوە، و ئەم قۆناغە لە دەوری قوتابییەکە سەنتەرە. (بهجەت ٢٠٠١، ل ٤٥-٤٦).

لەم قۆناغەدا مامۆستا هانی قوتابیەکانی دەدات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی هاوکاری. بۆ داڕشتنی ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردن و ئەم قۆناغە هاوتایە لەگەڵ نوێنەرایەتیکردن لە پێکهاتنی زانیندا بەپێی پیاجێت. (الخەلیلی، ١٩٩٦، ل٣٩٤).

**٣-١-٢ تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی پەروەردەیی نیڵ (Neale):**

١ .یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی پرۆسەی زانستی قوتابییان، وەک چاودێریکردن، لێکدانەوە، پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی مۆدێلەکە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە دامەزراوە.

٢ .دەرفەت دەدات بە قوتابی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە زانستییەکان لە قۆناغی گەڕان.

٣ -فێرخواز پەرە بە زیرەکی لۆژیکی- بیرکاری دەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆسەکانی زانستەوە، وەک پۆلێنکردن و زیرەکی زمانەوانی لە کاتی چالاکییەکانی خوێندنەوە و نووسین و قسەکردن لەسەر ئەنجامەکان، هەروەها زیرەکی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی کارلێکی قوتابییان لەگەڵ یەکتر.

٤ -مۆدێلەکە لەسەر بنەمای جێگەی سەرنج و ڕاکێشانی سەرنج و پاڵنەرکردنی قوتابییان بۆ فێربوون دامەزراوە.

٥ -مۆدێلەکە لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و گفتوگۆ لەنێوان گروپەکاندا و لەنێوان ئەوان و مامۆستادا دامەزراوە.

٦ .مۆدێلەکە شێوازی هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر بۆ قوتابییان دابیندەکات.

٧. مۆدێلەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی چەندین چالاکیی و شێواز و تاقیکردنەوە دەدات، کە یارمەتی فێربوونی قوتابییان دەدەن(یاسین، ١٩٩٩، ل ٣٧).

**٤-١-٢ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مۆدێلی پەروەردەیی (Neale):**

١ -فێرکردنی ڕاستەوخۆ: فێرکاری: لەم قۆناغەدا مامۆستا بە پێدانی پێشەکییەکی گشتی بۆ ئامانج و ناوەڕۆکی وانەکە دەستپێدەکات ئامانج لەم قۆناغە ئەوەیە کە سەرنجی قوتابییان لەسەر ئەو شتانە چڕبکاتەوە، کە پێویستە لە وانەکەدا بە ئەنجام بگات و پاڵنەریان بۆ بێت بەرەو فێربوون.

٢ -پێداچوونەوە: لەم قۆناغەدا باس لە وانەکانی پێشووی پەیوەست بە وانەی نوێ دەکرێت، بە مەبەستی ئامادەکردنی مێشکی قوتابی بۆ وانەی ئێستا.

٣ -تێڕوانینێکی گشتی: لەم قۆناغەدا پێداچوونەوەی گشتی و سەرەتایی بە زانیارییە نوێیەکان یان ئەو کێشەیەی کە بۆ

خوێندن پێشکەش دەکرێت ئەنجامدەدرێت، و بیرۆکەکانی قوتابییان بە دروستکردنی دیاگرامی مەعریفی هاندەدرێن بۆ تێگەیشتن لەو کێشە یان دیاردەیەی کە پێویستە فێری ببن.

٤ -لێکۆڵینەوە/چالاکی: تیایدا فێرخواز مامەڵە لەگەڵ کەرەستە و ئامێرەکاندا دەکات، و کاری دەستی ئەنجام دەدات لەڕێگەی چالاکییە ئەزموونییەکانەوە بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانیان، مامۆستا دەتوانێت تاقیکردنەوەکە بە شێوازی نمایشکردنی پراکتیکی جێبەجێ بکات (ئەگەر مامۆستا لە سەلامەتی قوتابیەکان ترسی هەبێت)، بە وروژاندنی پرسیار و پێدانی ئاماژە و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ یارمەتیدانی قوتابییان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دڵخواز.

٥ -نوێنەرایەتی: لەم قۆناغەدا قوتابییان وەڵامی خۆیان بۆ ئەو پرسیارانە دەردەبڕن، کە مامۆستا دەیخاتەڕوو، و دەرئەنجامەکانیش دەردەبڕن کە پێی گەیشتوون.

٦ -گفتوگۆ: گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی ئەو چالاکییەی کە قوتابییان پێی گەیشتوون، کە مامۆستا کۆمەڵێک پرسیار دەخاتە ڕوو وەک: چیت دۆزییەوە؟بەچی گەیشتی؟

٧ -فێرکردنی داهێنانی ڕاستەوخۆ: لەم قۆناغەدا پێکهاتەی مەعریفی دووبارە داڕێژراوەتەوە، بۆ ئەوەی فێربوونی مانادار بۆ فێرخواز مسۆگەر بکات. مامۆستا ڕوونکردنەوەیەکی دروست لەسەر ئەو چەمکە دەدات، کە فێری دەبێت و تێنەگەیشتنەکان دەستنیشان دەکات و چارەسەری دەکات.

٨ -بەکارهێنان: زانیاری نوێ لە بارودۆخە نوێیەکانی تردا تاقی دەکرێتەوە.

٩ -پوختە: لێرەدا مامۆستا ئەنجام و لێکدانەوەکان کورتدەکاتەوە و دەرەنجامێک بۆ وانەکە دەدات( الخليلي، ١٩٩٦، ل ٤٨٦)، (راجی، ٢٠٠٧، ل٥٥-٥٦).

**٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:**

**٢-٢-١ توێژینەوەی پێشوو لەسەر مۆدێلی (Neale):**

**- توێژینەوەی (العبادی ٢٠١٠):**

ناونیشانی توێژینەوەکە ئامانجی زانینی کاریگەری مۆدێلی دانیال نیل بوو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکانی کچانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، توێژینەوەکە لە (عێراق زانکۆی بەغدا - کۆلێژی پەروەردە، ئیبن ڕوشد )ئەنجامدراوە، ژمارەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بریتین لە (٧٠) قوتابی کچ لە یەکێک لە قوتابخانەکانی بەغدای بنەڕەتی/الکەرخی سێیەم، دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا (٣٥) بۆ بەشی (A) و (٣٥) بۆ بەشی .(B) بەشی (A) گرووپی تاقیکارییە کە بەپێی مۆدێلەکە دەوترێتەوە، بەشی (B) گرووپی کۆنترۆڵە کە بەپێی شێوازی ئاسایی دەوترێتەوە، ئامرازی توێژینەوەکە وەک تاقیکردنەوەی دەستکەوت دروستکرا کە پێکهاتبوو لە (٤٠) بابەتی ڕەوایی و متمانەپێکراوییەکەی پشتڕاستکرایەوە، و تاقیکردنەوەکە لە کۆتایی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، شێوازە ئامارییەکان لە شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنران و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی t بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ چارەسەرکران ئەنجامی توێژینەوەکە دەرخستووە ئەو قوتابییانەی گرووپی تاقیکاری، کە بە بەکارهێنانی مۆدێلی دانیال نیڵ لێکۆڵینەوەیان کردووە، لە قوتابییانی گرووپی کۆنترۆڵ کە بە بەکارهێنانی شێوازی ئاسایی لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان خوێندوویانە، باشتر بوون(العبادی،٢٠١٠).

**-توێژینەوەی الجباوی (٢٠١١):**

( کاریگەری مۆدێلی دانیال نیڵ لەسەر دەستکەوت و هەڵوێست بەرامبەر بەو بابەتە لە نێوان قوتابیە کچەکانی پەیمانگای ڕاهێنانی مامۆستایانی سەباحیا/پۆلی پێنجەم/بەشی زانست و بیرکاری) توێژەر دیزاینێکی تاقیکاریی هەڵبژارد، و نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٦) قوتابی کچ کە دابەشکرابوون بەسەر دوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵدا، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی بەکارهێنا هەڵوێست بەرامبەر بە بابەتەکە، و ئامرازەکانی پێش و دوای جێبەجێ کرد، دوای پرۆسێسکردنی داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری، ئەنجامەکان جیاوازییەکی ئاماری بەرچاویان لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوت و لە پێوەرەکانی هەڵوێستدا لە دوای بەکارهێناندا، لە بەرژەوەندی گرووپی تاقیکاریدا بەدوای خۆیدا هێنا(الجباوی،٢٠١١).

**٢-٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان:**

**٢- توێژینەوەی العزاوی و مناضل(2015) :**

کاریگەری مۆدێلی (بارمان و لۆرسباتش) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕەوانبێژییەکان و ئەدای دەربڕین لە نێوان قوتابییانی ئەدەبی پۆلی پێنجەمدا.

توێژینەوەکە لە زانکۆی (بەغدا ـ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد) ئەنجامدراوە و ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری مۆدێلی بارمان و لۆرسباتشە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕەوانبێژییەکان و ئەدای دەربڕین لەنێوان قوتابییانی ئەدەبی پۆلی پێنجەمدا، توێژەران دوانزە گریمانەی سفرییان دارشتووە و نموونەی توێژینەوەکەیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە ژمارەی قوتابییان بۆ گروپی تاقیکاری یەکەم (٦٤) قوتابیی نێر و مێ بووە بە هەمان شێوە، لەکاتێکدا ژمارەی گروپی تاقیکاری دووەم (٦٤) قوتابی نێر و مێ بووە بە هەمان شێوە. (٦٥) قوتابی نێر و مێ، بەم شێوەیە ژمارەی قوتابییانی سێ گروپەکە بوو بە (١٩٣) قوتابیی نێر و مێ، لەگەڵ (٩٦) قوتابیی نێر و (٩٧) قوتابی مێ توێژەران خەلآتی سێ نموونەی توێژینەوەکەیان کرد و پلانی وانەوتنەوەیان ئامادەکرد کە پەیوەندییان بە وانەوتنەوە لە گروپی تاقیکاری یەکەم بەپێی مۆدێلی بارمان، پلانی تاقیکاری بۆ گروپی دووەم بەپێی مۆدێلی لۆرسباتش پلانی ئازار بۆ گروپی کۆنترۆڵ بەپێی شێوازی ئاسایی، و دوای ئەوەی توێژەران دیارییان کرد کە دەبێت چی فێری قوتابیە نێر و مێیەکان بکرێت. (١٧) چەمکە سەرەکی و یارمەتیدەرەکان تاقیکردنەوەیەک ئامادەکرا بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان، کە ژمارەیان (٥١) بابەت بوو. دوای ئەوەی توێژەران دڵنیابوون لە ڕەوایەتی و متمانەپێکراوی ئامرازەکە، ئەوا بەکاریان هێنا بۆ نموونەی توێژینەوەکە، و گەیشتنە باڵادەستی گروپی تاقیکاری کە بەپێی مۆدێلی لۆرسباتش لێکۆڵینەوەیان کردبوو بەسەر گروپی تاقیکاری دووەم و یەکەمدا، و باڵادەستی گروپی تاقیکاری دووەم، کە بەپێی مۆدێلی بارمان لێکۆڵینەوەیان کرد، بەسەر گروپی کۆنترۆڵ کە بەپێی شێوازی ئاسایی توێژینەوەیان کردبوو توێژەران چەند پێشنیازێکیان پێشنیاز کرد، لەوانە ناساندنی مۆدێلی بارمان و لۆرس مەنهەجی شێوازەکانی فێرکردنی زمانی عەرەبی لە کۆلێژەکانی پەروەردە(العزاوی و مناضل، ٢٠١٥، ل ٣٢٩-٣٤٨).

**- توێژینەوەی الجنابی و أخرون(٢٠١٧):**

کاریگەری مۆدێلی بارمان لەسەر بەدەستهێنان و مانەوەی چەمکە مێژووییەکان لە نێوان قوتابییانی قۆناغی یەکەمی ناوەندیدا

توێژینەوەکە لە(زانکۆی بابل لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی) ئەنجامدراوە و ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری مۆدێلی بارمانە لەسەر بەدەستهێنان و مانەوەی چەمکە مێژووییەکان لە نێوان قوتابییانی قۆناغی یەکەمدا توێژەر دوو گریمانەی توێژینەوەی دارشتووە، و توێژەرەکە شێوازی تاقیکارییەکەی پەیڕەو کردووە توێژەرەکە نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە، لەگەڵ (٢٦) قوتابی لە گروپی تاقیکردنەوەکەدا. (٢٥) قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵ دوای ئەوەی توێژەر پاداشتی ئەو دوو گروپەیدا و پلانی وانەوتنەوە بۆ هەر گروپێک ئامادەکرد، توێژەر (٢٠) چەمکی مێژوویی دەستنیشانکرد و دواتر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە (٦٠) بابەت، و دوای پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایی و متمانەپێکراوی ئامرازەکە، ئەو بەکاریهێنا بۆ هەردوو گروپەکە ئەنجامەکان باڵادەستی گروپی تاقیکارییان نیشان دا، کە بەپێی مۆدێلی بارمان لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بەسەر گروپی کۆنترۆڵدا، کە بەپێی گروپی کۆنترۆڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا (الجنابی، ٢٠١٧، ل ٢٥٢-٢٦٩).

**٣-٢-٢ سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەران دوای تێڕوانینی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، سوودییان لە چەند لایەنێکی ئەم توێژینەوانە وەرگرتووە، لەوانە:

١ -سوود بینین بۆ دارشتنی ناونیشان و پێشەکی وکێشەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی.

٢ –چۆنییەتی هەڵبژاردنی ڕێبازی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، کە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی.

٣ -بنیاتنانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

٤ –دروستکردن و ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەی گونجاو.

٥ –هەڵبژاردنی کۆمەڵگەو نموونەی گونجاو.

٦ –ناسینی سەرچاوە نوێیەکان و سوود وەرگرتن لێیان، کە پەیوەستن بەم توێژینەوەیە.

٧ –هەڵبژاردنی هۆکاری ئاماری گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

٨– بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و ڕوونکردنەوەیان.

**٣- ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**٣-١ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێبازی ئەزموونی، مەبەست لە ڕێبازی ئەزموونی گۆڕانێکی بەمەبەست و ڕێکخراو و ڕوونە بۆ دیاردەیەک بە مەرجە دیاریکراوەکان، پاشان تێبینیکردنی ئەنجامەکان و گۆڕانکارییەکان لە خودی دیاردەکە و شیکردنەوەیان ( علیان و غنیم، ٢٠٠٠، ص٥٠ ).

**٣-٢ نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بەست بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە(کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو)، بەشێوەیەک کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەکارهێنانی مۆدێلی(Neale) وانەیان پێگوتراوە، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش وانەیان پێگوتراوە بە ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو، لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجامدراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە خشتەی (٣-١):

**خشتەی ٣-١ خستنەڕووی نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | مۆدێلی ( Neale ) | بەدەستهێنانی چەمکەکان | تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان |
| کۆنترۆڵکراو | ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی | | |

**٣-٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نموونەکەی:**

**٣-٣-١ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە گەورەترین کۆمەڵە، کە گریمانە دەکرێت تا ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر گشتاندن بکرێت ( المنیزل و غرایبة، ٢٠٠٦، ص١٨ ).

سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، ئەوا بریتییە لە ( قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسڵاوە - هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە ژمارەیان دەگاتە ( ٧٤١٢ ) قوتابی، بەجۆرێک ( ٣٧٠٩ ) قوتابی لە ڕەگەزی نێرە و (٣٧٠٣ ) قوتابیش لە ڕەگەزی مێ یە.

**٣-٣-٢ نموونەی توێژینەوەکە:**

توێژەران دوای دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، دەستیانکرد بە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- نموونەی قوتابخانەکان:**

قوتابخانەی ( پرژەی بنەڕەتی کچان) بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا، ئەویش بەهۆی لارینەبوونی کارگێڕی قوتابخانەکە بۆ ئەنجامدانی کاری پراکتیکیەکە و بوونی سێ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەم قوتابخانەیەدا.

**٢- نموونەی قوتابییان:**

نموونەی قوتابییان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران لە نێوان سێ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (پرژەی بنەڕەتی کچان)، کە لە ئەنجامدا پۆلەکانی (أ،ب) وەک نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردران، و بۆ دیاریکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکەش، دووبارە هەڵبژاردنی هەڕەمەکی ئەنجامدرا و پۆلی (ب) وەکو کۆمەڵەی ئەزموونی و پۆلی (أ) وەکو کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دیاریکرا، وە ژمارەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە پێکهاتبوو لە (٤٨) قوتابی، بەشێوەیەک (٢٤) قوتابی لە کۆمەڵەی ئەزموونی، و (٢٤) قوتابیش لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە خشتەی (٣-٢):

**خشتەی ٣-٢ خستنەڕووی ژمارەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | پۆل | ژ.نموونەی قوتابیان |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ب | ٢٤ |
| کۆنترۆڵکراو | أ | ٢٤ |
| کۆی گشتی قوتابیان | | ٤٨ |

**٣-٤ هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

هاوســەنگکردنی نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی، بۆیە توێژەران بە پێویستییان زانی کار لەسەر هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە بکەن لە ڕووی ئامارییەوە لە چەند گۆڕاوێکی جیاوازدا، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- دەستکەوتی زیرەکی.
- دەستکەوتی خوێندنی باوکان.
- دەستکەوتی خوێندنی دایکان.
- نمرەی قوتابییان لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

**١- تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ:**

توێژەران بە ســوود وەرگرتن لە تۆماری تایبەت بە زانیاری قوتابییان لە قوتابخانەکە و دابەشـکردنی فۆڕمی تایبەت بە زانیاری قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە ڕۆژی یەکشـەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٥)، داتاکانیان کۆکردەوە، پاشـان خرانە نێو چوارچێوەی چارەسـەرکردنی ئامارییەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بڕوانە خشتەی (٣-٣):

**خشتەی ٣-٣ ئەنجامەکانی T.test لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی تەمەنی قوتابییان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | ٢٤ | 186.04 | 5.271 | ٤٦ | 0.820 | 0.417 | بەهادارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٤ | 184.96 | 3.759 | | | | |

لە خشـتەی سـەرەوە دەردەکەوێت بەهایT ئەگەری یەکسـانە بە (0.417)، کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥) بە پلەی ئازادی (46)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری و هاوسـەنگی هەردوو کۆمەڵەکەیە لە گۆڕاوی تەمەنی قوتابییان.

**٢- دەستکەوتی زیرەکی:**

پشت بە تاقیکردنەوەی ڕاڤن (Raven) بەستراوە، کە لە پێنج کۆمەڵە (أ،ب،ج،د،هـــ) پێکهاتووە، کە هەر کۆمەڵەیەک (١٢برگە)ی لەخۆگرتووە، و کۆی گشتی دەکاتە (٦٠برگە)، وە پاش هەڵەچنینی پرسیارەکان، قوتابی بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (١نمرە) و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر)ی وەرگرتووە.

تاقیکردنەوەکە بەســـەر هەردوو کۆمەڵەکە جێبەجێکراوە، و بۆ زانینی جیاوازی بەهاداری ئاماری نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە، تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی ســـەربەخۆی ژمارە یەکســـان بەکارهێنراوە، وەک لە خشتەی (٣-٤) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ٣-٤ ئەنجامەکانی T.test لەنێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە گۆڕاوی دەستکەوتی زیرەکی**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test: هەژمارکراو | بەهای T.test: ئەگەری Sig. | بەهاداری ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٤ | ٢٨.٩٦ | ٣.٦٢٩ | ٤٦ | ١.٣٦١ | ٠.١٨٠ | بەهادارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٤ | ٢٧.٢٥ | ٤.٩٦٣ | | | | |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت بەهایT ئەگەری یەکسانە بە (٠.١٨٠) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥) بە پلەی ئازادی (٤٦)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری و هاوســـەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی زیرەکی.

**٣- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

دوای دابەشکردنی ئاستەکانی دەستکەوتی خوێندنی باوکان بۆ (٣) ئاست کە لە خشتەی (٣-٥) خراوەتەڕوو، ڕێکاری ئاماری جێبەجێکرا لەگەڵ داتا تایبەتییەکانی ئەم گۆڕاوە بۆ هەردوو کۆمەڵەکە بە بەکارهێنانی ( مربع کای - کا٢ ):

**خشتەی ٣-٥ ئەنجامی (کا٢) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی باوکان: سەرەتایی بە خوارەوە | دەستکەوتی خوێندنی باوکان: دبلۆم بە خوارەوە | دەستکەوتی خوێندنی باوکان: بەکالۆریۆس بە سەرەوە | پلەی ئازادی | بەهای ( کا٢ ): هەژمارکراو | بەهای ( کا٢ ): ئەگەری Sig. | بەهاداری ئاماری لە ئاستی(٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٤ | ٩ | ١٠ | ٥ | ٢ | ١.٢٩٢ | 0.524 | بەهادار نیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٤ | ٦ | ١٠ | ٨ | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٨ | ١٥ | ٢٠ | ١٣ | | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی ناوبراودا، چونکە بەهای (کا٢) ئەگەری یەکسانە بە (0.524) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥).

**٤- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:**

هاوسەنگیش بۆ ئەم گۆڕاوە بەدەستهێنرا بە بەکارهێنانی ( مربع کای - کا[٢] )، هەروەک لە خشتەی (٣-٦) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ٣-٦ ئەنجامی (کا[٢]) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی دایکان: سەرەتایی بە خوارەوە | دەستکەوتی خوێندنی دایکان: دیپلۆم بە خوارەوە | دەستکەوتی خوێندنی دایکان: بەکالۆریۆس بە سەرەوە | پلەی ئازادی | بەهای ( کا[٢] ): هەژمارکراو | بەهای ( کا[٢] ): ئەگەری Sig. | بەهاداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | ٢٤ | ٥ | ١٢ | ٧ | ٢ | ١.٦٤٨ | ٠.٤٣٩ | بەهادار نیە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٤ | ٩ | ٩ | ٦ | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٨ | ١٤ | ٢١ | ١٣ | | | | |

لەم خشتەیەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی ناوبراودا، بەهۆی ئەوەی بەهای (کا[٢]) ئەگەری کە یەکسانە بە (0.439) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥).

**٥- نمرەی قوتابییان لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤):**

دوای وەرگرتنی تۆماری تایبەت بە نمرەی قوتابییانی ساڵی خوێندنی پێشوو لە کارگێڕی قوتابخانەکە، تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی ئاماری داتاکان، بڕوانە خشتەی (٣-٧):

**خشتەی ٣-٧ ئەنجامیT.test لەنێوان کۆمەڵەکان لە گۆڕاوی نمرەی زانستی کۆمەڵایەتی هەشتەمی بنەڕەتی**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test: هەژمار کراو | بەهای T.test: ئەگەری Sig. | بەهاداری ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٤ | 67.08 | 7.454 | 46 | 0.401 | 0.690 | بەهادارنیە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٤ | 66.29 | 6.154 | | | | |

بەهایT ئەگەری لەم خشتەیەی سەرەوە یەکسانە بە (٠.٦٩٠) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥) بە پلەی ئازادی (٤٨)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لەم گۆڕاوەدا.

**٣-٥ دەستنیشانکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و کۆنترۆڵکردنیان:**

**٣-٥-١ گۆڕاوە سەربەخۆکان:**

گۆڕاوە سەربەخۆکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

- مۆدێلی ( Neale ).
- ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو.

**٣-٥-٢ گۆڕاوە پاشکۆکان ( ناسەربەخۆکان ):**

گۆڕاوە پاشکۆکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە:

- تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**٣-٥-٣ گۆڕاوە نامۆکان ( نا ئەزموونیەکان ):**

گۆڕاوە نامۆکان ئەو گۆڕاوانەن کە پەیوەندیدارن بە ڕێکارییەکانی ئەزموونەکە و تاکەکانی توێژینەوەکە، و کاریگەری نەرێنییان لەســەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەیە ( العتوم و ئەوانی تر، ٢٠٠٦، ص٣٢ ). و زۆربەی شــارەزایانی ئەم بوارە هاوڕان لەسەر ئەوەی سەلامەتی نەخشەسازی ئەزموونی دوو لایەنی هەیە ناوەکی و دەرەکی ( کەریم، ٢٠١٤، ل٨١-٨٢ )، بۆیە پێویست دەکات گرنگترین ئەو گۆڕاوانە بخەینەڕوو، کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر سەلامەتی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونەکە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: سەلامەتی ناوەکی نەخشەسازی ئەزموونی:**

ســــەلامەتی ناوەکی بۆ دیزاینی ئەزموونیەکە کاتێک بەدەســــتدێت، کە توێژەر دڵنیابێت لەوەی هۆکارە نامۆکانی ئەزموونەکە کۆنترۆڵکراوە، لەو هۆکارانەش:

١. **جیاوازی نێوان تاکەکانی توێژینەوەکە:** جگە لەوەی هەڵبژاردنی تاکەکان لە هەمان کۆمەڵگە بوون، توێژەران هەڵسان بە ئەنجامدانی هاوسەنگی ئامازیش لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە پێنج گۆڕاوی جیاوازدا.

٢. **هەڵومەرجی ئەزموونەکە و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان:** لە ماوەی ئەزموونەکەدا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕووینەدا، کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر سەلامەتی ئەزموونەکە.

٣. **هۆکاری پێگەیشــتن ( عامل النضــج ):** ئەم گۆڕاوە کاریگەری ئەوتۆی نابێت، چونکە ئەو گۆڕانکاری و پێگەیشــتنە ڕەنگە بۆ هەموو قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە بەشێوەیەکی نزیک لەیەکتر ڕووبدات.

٤. **لەکارکەوتنی ئەزموونکاری:** توێژەران بە دانانی پلانێکی تۆکمەی پێشوەختە یۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، توانییان بەسەر ئەم هۆکارەش زاڵ بن.

٥. **ئامرازی پێوانەکردن:** هەمان ئامرازی پێوانەکردن لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، کە ئەوش بریتی بوو لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**دووەم: سەلامەتی دەرەکی نەخشەسازی ئەزموونی:**

کۆمەڵێک هۆکار هەن هەڕەشــە دەکەن لە ســەلامەتی دەرەکی کە پێویســت دەکات کۆنترۆڵ بکرێن و کاریگەریەکەیان دووربخرێتەوە، هەربۆیە توێژەران هەوڵیانداوە کۆنترۆڵی ئەم هۆکارانە بکەن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١/ **کاریگەری کارلێکی نێوان گۆڕاوی ســــەربەخۆ لەگەڵ لایەنگیری هەڵبژاردندا:** لەمیانەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکییانەی نموونەکان و ئەنجامدانی هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە ئەم گۆڕاوە کۆنترۆڵکرا.

٢/ **کاریگەری ڕێکارییە ئەزموونییەکان:** ســـنوورێک دانرا لەبەردەم ئەو گۆڕاوانەی لە ڕێکارییەکانی ئەزموونەکە دێنە پێش، کە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. **نهێنی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بە نهێنی ئەنجامدرا بە ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەکە و مامۆستای بابەت.

٢. **مامۆســتای وانەکە:** بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوە، توێژەران بە باشــیان زانی کە مامۆســتای بابەتەکە خۆی وانە بە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بڵێتەوە.

٣. **ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن:** پڕۆگرامی خوێندنی ئەزموونەکە پێکهاتبوو لە بەندەکانی یەکەم و دووەم و ســێیەمی وەرزی دووەم، لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت و بۆ هەردوو کۆمەڵەکە یەکسان بوون.

٤. **دابەشــکردنی بەشــەوانەکان:** بەشــەوانەکان بەشــێوەیەکی یەکســان دابەشــکران بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە،

بەشێوەیەک لە هەر هەفتەیەک (٣) سێ وانە بە هەر یەک لە کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە دەوترایەوە.

**٥. ماوەی ئەزموونەکە:** ماوەی ئەزموونەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەکە یەکسان بوو کە بریتی بوو لە ( ٨هەفتە )، کە لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/١٢)دەستیپێکرد، و لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/١٢) کۆتاییهات.

**٣-٦ پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**٣-٦-١ دیاریکردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەران هەڵسان بە دیاریکردنی ئەو بابەتانەی بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە قوتابییان بگوترێتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەندەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی وەرزی دووەم، لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

**٣-٦-٢ دیاریکردنی چەمکە زانستیەکان:**

دوای دەستنیشانکردنی بابەتی خوێندنەکە، شیکردنەوەیان بۆ کرا و ئەو چەمکە جوگرافیانە دیاریکرا، کە بڕیارە لە بابەتی تاقیکردنەوەکەدا جێگیربکرێن و لە هەمان کاتدا یەکدەگرنەوە لەگەڵ پرۆسەکانی ( پێناسەکردنی چەمکەکە، جیاکردنەوەی چەمکەکە، و جێبەجێکردنی چەمکەکە )، ئەوەبوو ژمارەیان گەیشتە (٣٢) چەمکی جوگرافی، کە دواتر پێشکەش بە کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆڕ لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە، و پێوانە و هەڵسەنگاندن کراوە، بەو هۆیەوە پاش چەند گۆڕانکارییەکی کەم و بچووک، گشت چەمکەکان وەکخۆیان مانەوە.

**٣-٦-٣ داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

توێژەران (٥٥) ئامانجی ڕەفتاریان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن داڕشت بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی بلۆم بۆ سێ ئاست ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، بەشێوەیەک (٢٨) ئامانج لە (بیرهێنانەوە)، و (١٧) ئامانج لە (تێگەیشتن)، و (١٠) ئامانج لە (جێبەجێکردن)، پاشان ئامانجە ڕەفتارییەکان لە فۆرمێکدا پیشانی کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و جوگرافیا درا، بۆ دەربڕینی بیروڕایان دەربارەی دروستی داڕشتنی ئەم ئامانجانە، ئەوەبوو لە ئەنجامدا بە سوودوەرگرتن لە بیروڕاکانی شارەزایان چەند گۆڕانکارییەکی کەم ئەنجامدرا بۆ ژمارەیەک لە ئامانجە ڕەفتارییەکان، بێ ئەوەی هیچ بڕگەیەکی لێ ڕەشبکرێتەوە.

**٣-٦-٤ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

توێژەران (١٥) پلانی وانەوتنەوەیان ئامادەکرد لە توێژینەوەکە لە بەندەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی وەرزی دووەم، لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بۆ هەریەک لە کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک کۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی مۆدێلی (Neale) وانەیان پێدەوترا، کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش بەپێی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێدەوترا، بڕوانە پاشکۆی (١).

**٣-٧ ئامرازی توێژینەوەکە:**

بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوە، توێژەران ئامرازێکی توێژینەوەیان ئامادەکردووە کە بریتییە لە (تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان ).

**٣-٧-١ تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان:**

توێژەران بڕیاریاندا بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەکدا بێت، چونکە یەکێکە لە نەرمترین جۆرەکانی تاقیکردنەوە و دەتوانرێت بۆ هەڵسەنگاندن و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان لە ئاستە مەعریفییە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت.

**٣-٧-٢ دیاریکردنی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

لە ژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن، و دیاریکردنی ئەو چەمکانەی تیایدا بوون کە بڕی (٣٢) چەمک بوون، بڕگەکانی تاقیکردنەوە ئامادەکران بۆ پێوانەکردنی ئاستی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە دەربارەی بەدەستهێنانی ئەو چەمکانەی لە بابەتی خوێندنەکەدا هاتووە، بەشێوەیەک بڕگەی تاقیکردنەوەکان گەیشتە (٣٢) بڕگە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، و بۆ هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەش چوار جێگرەوە دیاریکرا. مەرجە ژمارەی چەمک و بڕگەی ئیختبارەکە یەکسان بن؟

**٣-٧-٣ هەڵەچنینی تاقیکردنەوەکە:**

توێژەران بۆ هەڵەچنینی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، پشتیان بەستووە بە بنەمای (٠، ١)، بەو پێیەی (١نمرە) دەدرێت بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست، (٠)یش بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە، بەمجۆرە کۆی نمرەی تاقیکردنەوەکە دەکاتە (٣٢) نمرە.

**٣-٧-٤ دروستی تاقیکردنەوەکە:**

بڕگەکانی تاقیکردنەوە کە پێکهاتبوو لە (٣٢) بڕگە، درایە ژمارەیەک لە شـــارەزایانی بواری پرۆگرامی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و زمانەوانی و پێوانە و هەڵســەنگاندن، بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچوونیان لە بارەی گونجاو یان نەگونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، ئەوەبوو لەژێر ڕۆشنایی بۆچوون و تێبینییە دروستەکانیان، هەندێک دەستکاری کەمی ڕێزمانی لە ژمارەیەک بڕگەدا کرا، بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە ئامادە بوو بۆ بەکارهێنان.

**٣-٧-٥ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی (عينة الاستطلاعية):**

بەمەبەســتی پشــکنینی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و دڵنیابوون لە گونجاوی بڕگەکان و ئەو کاتەی بۆ وەڵامدانەوەی تەرخانکراوە، توێژەران تاقیکردنەوەکەیان لەســـەر نموونەیەکی ڕاپرســـی جێبەجێکرد، کە هەمان تایبەتمەندی نموونە بنەڕەتییەکەیان هەبوو کە پێکهاتبوو لە (٨٠) قوتابی کچ لە قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ( خەندەی بنەڕەتی کچان، پەروای بنەڕەتی کچان، ئەڤینی بنەڕەتی کچان) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، پاشان لەڕێگەی دیاریکردنی کاتی وەڵامدانەوەی هەر قوتابییەک لە قوتابییانی نموونەی ڕاپرسیەکە، توانرا کاتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکە بدۆزرێتەوە، کە بە ( ٣٧ خولەک ) هەژمارکرا.

**٣-٨ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان:**

ئەم کردارە هەریەک لە هاوکۆلکەی گرانی و ئاســـانی بڕگەکان، و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان، و هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوەکان لە بڕگەکانی هەڵبژاردن دەگرێتەخۆ، توێژەران بەمەبەســـتی ئەنجامدانی ئەم کردارە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەســـەر نموونەی ڕاپرســـی، کە ژمارەیان (٨٠) قوتابی کچ بوو، هەڵســـان بە هەڵەچنینی پرسیارەکان و ڕیزکردنی نمرەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە، دواتر هەژمارکردنی (٤٠) نمرەی سەرەوە وەک کۆمەڵەی بەرز، و (٤٠) نمرەی خوارەوە وەک کۆمەڵەی نزم.

**٣-٨-١ هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی بڕگەکان:**

مەبەست لە هاوکۆلکەی گرانی بریتییە لە دابەشکردنی ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە هەریەک لە کۆمەڵەی بەرز و کۆمەڵەی نزم لەســـەر کۆی گشـــتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لێکدانی لە (١٠٠) ( عبدالرحمن، ٢٠٠٨، ص٢٢٠ ). لە ئەنجامدا پاش هەژمارکردنی هاوکێشـــەی هاوکۆلکەی گرانی و ئاســـانی دەرکەوت ئاســـتی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە کەوتە نێوان (٠.٣٩ – ٠.٦١)، بڕوانەی خشتەی ( ٣-٨ ):

**خشتەی ( ٣-٨ )هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی برگەکان**

| برگەکان | وەڵامی ڕاست | ژ.وەڵامە ڕاستەکان | | ژ.وەڵامە هەڵەکان | | هاوکۆلکەی ئاسانی | هاوکۆلکەی گرانی | هاوکۆلکەی جیاکەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵەی بەرز | کۆمەڵەی نزم | کۆمەڵەی بەرز | کۆمەڵەی نزم | | | |
| ١ | ا | 34 | 15 | 6 | ٢٥ | ٠.٦١ | ٠.٣٩ | 0.001 |
| ٢ | د | 20 | 25 | 20 | 15 | ٠.٥٦ | ٠.٤٤ | 0.824 |
| ٣ | ب | 31 | 20 | ٩ | ٢٠ | ٠.٦٤ | ٠.٣٦ | 0.001 |
| ٤ | د | 21 | 24 | ١٩ | ١٦ | ٠.٥٦ | ٠.٤٤ | 0.505 |
| ٥ | ب | 34 | ١٣ | 6 | ٢٧ | ٠.٥٩ | ٠.٤١ | 0.001 |
| ٦ | ج | 21 | 16 | ١٩ | ٢٤ | ٠.٤٦ | ٠.٥٤ | 0.268 |
| ٧ | ا | 24 | 25 | 16 | ١٥ | ٠.٦١ | ٠.٣٩ | 0.821 |
| ٨ | ا | 36 | 18 | 4 | ٢٢ | ٠.٦٨ | ٠.٣٢ | 0.001 |
| ٩ | ا | 36 | 19 | 4 | ٢١ | ٠.٦٩ | ٠.٣١ | 0.001 |
| ١٠ | د | 25 | 16 | 15 | ٢٤ | ٠.٥١ | ٠.٤٩ | 0.045 |
| ١١ | ب | 29 | 19 | ١١ | ٢١ | ٠.٣٦ | ٠.٦٤ | 0.022 |
| ١٢ | ج | 21 | 17 | ١٩ | ٢٣ | ٠.٤٨ | ٠.٥٢ | 0.377 |
| ١٣ | ب | 35 | 15 | ٥ | ٢٥ | ٠.٦٣ | ٠.٣٧ | 0.001 |
| ١٤ | ا | 28 | 19 | ١٢ | ٢١ | ٠.٥٩ | ٠.٤١ | 0.041 |
| ١٥ | ب | 33 | 27 | 7 | ١٣ | ٠.٧٥ | ٠.٢٥ | 0.125 |
| ١٦ | ج | 34 | 17 | 6 | 23 | ٠.٦٤ | ٠.٣٦ | 0.001 |
| ١٧ | ا | 24 | 14 | ١٦ | ٢٦ | ٠.٤٨ | ٠.٥٢ | 0.025 |
| ١٨ | د | 32 | 19 | 8 | ٢١ | ٠.٦٤ | ٠.٣٦ | 0.002 |
| ١٩ | ا | 24 | 18 | ١٦ | ٢٢ | ٠.٥٣ | ٠.٤٧ | 0.184 |
| ٢٠ | ب | 30 | 21 | 10 | 19 | 0.64 | 0.36 | 0.037 |
| ٢١ | د | 28 | 15 | 12 | ٢٥ | ٠.٥٤ | ٠.٤٦ | 0.003 |
| ٢٢ | ا | 29 | 14 | 11 | ٢٦ | ٠.٥٤ | ٠.٤٦ | 0.001 |
| ٢٣ | ج | 28 | 16 | ١٢ | ٢٤ | ٠.٥٥ | ٠.٤٥ | 0.007 |
| ٢٤ | ب | 32 | 15 | 8 | ٢٥ | ٠.٥٩ | ٠.٤١ | 0.001 |
| ٢٥ | ا | 35 | 15 | 5 | ٢٥ | ٠.٦٢ | ٠.٣٨ | 0.001 |
| ٢٦ | د | 27 | 17 | 13 | ٢٣ | ٠.٥٥ | ٠.٤٥ | 0.025 |
| ٢٧ | ب | 35 | ١٧ | 5 | ٢٣ | ٠.٦٥ | ٠.٣٥ | 0.001 |
| ٢٨ | ا | 32 | 11 | 8 | ٢٩ | ٠.٥٤ | ٠.٤٦ | 0.001 |
| ٢٩ | ج | 33 | 20 | 7 | 20 | ٠.٦٦ | ٠.٣٤ | 0.002 |
| ٣٠ | ج | 31 | 16 | 9 | ٢٤ | ٠.٥٩ | ٠.٤١ | 0.001 |
| ٣١ | ا | 37 | 16 | 3 | ٢٤ | ٠.٦٦ | ٠.٣٤ | 0.001 |
| ٣٢ | ج | 33 | 19 | 7 | ٢١ | ٠.٦٥ | ٠.٣٥ | 0.001 |

### ٣-٨-٢ هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان:

بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری جێگرەوە هەڵەکانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەران هەڵسان بە هەژمارکردنی ژمارەی ئەو قوتابییانەی کە لە هەردوو کۆمەڵەی بەرز و نزم جێگرەوەی هەڵەیان هەڵبژارد بوو لەو (٣٢) بڕگەیە، لە ئەنجامدا دەرکەوت لە (١٠) بڕگە ژمارەی قوتابییانی کۆمەڵەی نزم زیاترە لە کۆمەڵەی بەرز کە کاریگەری جێگرەوە هەڵەکانیان لە نێوان (٠.٢٥– تا ٠.٠٧– ) بووە، کە ئەمەش دەریخست، کە هەر جێگرەوەیەک لە جێگرەوە هەڵەکانی ئەو (١٠) بڕگەیە سەرنجڕاکێشەر و کارا بووە، جگە لە بڕگەکانی (٤) و (١١) نەبێت، کە کاریگەری جێگرەوە هەڵەکانیان لەنێوان (٠.١٤– تا ٠.٠٧) بووە، کە بەو مانایە دێت ژمارەی قوتابییانی کۆمەڵەی بەرز، کە جێگرەوەی هەڵەیان هەڵبژاردووە زیاترە لە کۆمەڵەی نزم، بۆیە هەردوو بڕگەکە لە تاقیکردنەوەکە دەرهێنران و دوورخرانەوە.

**خشتەی ژمارە (٣-٩) هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان**

| ژ | کۆمەڵەکان | جێگرەوەکان ( بەدیلەکان ) | | | | هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ا | ب | ج | د | ا | ب | ج | د |
| ١ | بەرز | ٣٤ | ٢ | ٣ | ١ | * | ٠.١٥ – | ٠.٢٠ – | ٠.١٢ – |
| | نزم | ١٥ | ٨ | ١١ | ٦ | | | | |
| ٢ | بەرز | ٧ | ١٠ | ٣ | ٢٠ | ٠.٠٥ | ٠.٠٧ | ٠.٠٢ | * |
| | نزم | ٥ | ٧ | ٢ | ٢٥ | | | | |
| ٣ | بەرز | ٢ | ٣١ | ٤ | ٣ | ٠.١٥ – | * | ٠.٠٢ – | ٠.١٠ – |
| | نزم | ٨ | ٢٠ | ٥ | ٧ | | | | |
| ٤ | بەرز | ٥ | ١٠ | ٤ | ٢١ | ٠.٠٢ | ٠.٠٥ | ٠.٠٠ | * |
| | نزم | ٤ | ٨ | ٤ | ٢٤ | | | | |
| ٥ | بەرز | ٢ | ٣٤ | ٤ | ٠ | ٠.١٧ – | * | ٠.٢٠ – | ٠.١٥ – |
| | نزم | ٩ | ١٣ | ١٢ | ٦ | | | | |
| ٦ | بەرز | ١ | ٨ | ٢١ | ١٠ | ٠.٢٠ – | ٠.٠٢ | * | ٠.٠٥ |
| | نزم | ٩ | ٧ | ١٦ | ٨ | | | | |
| ٧ | بەرز | ٢٤ | ٥ | ٤ | ٧ | * | ٠.٠٢ | ٠.٠٥ – | ٠.٠٥ |
| | نزم | ٢٥ | ٤ | ٦ | ٥ | | | | |
| ٨ | بەرز | ٣٦ | ١ | ٠ | ٣ | * | ٠.٢٠ – | ٠.١٥ – | ٠.١٠ – |
| | نزم | ١٨ | ٩ | ٦ | ٧ | | | | |
| ٩ | بەرز | ٣٦ | ٢ | ١ | ١ | * | ٠.١٧ – | ٠.١٠ – | ٠.١٥ – |
| | نزم | ١٩ | ٩ | ٥ | ٧ | | | | |
| ١٠ | بەرز | ٤ | ٤ | ٧ | ٢٥ | ٠.٠٧ – | ٠.٠٥ – | ٠.١٠ – | * |
| | نزم | ٧ | ٦ | ١١ | ١٦ | | | | |
| ١١ | بەرز | ٧ | ٢٩ | ١ | ٣ | ٠.٠٢ – | * | ٠.١٢ – | ٠.١٠ – |
| | نزم | ٨ | ١٩ | ٦ | ٧ | | | | |
| ١٢ | بەرز | ٥ | ٥ | ٢١ | ٩ | ٠.١٥ | ٠.٠٥ | * | ٠.٠٠ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | ١١ | ٣ | ١٧ | ٩ | – | | | |
| ١٣ | بەرز | ٠ | ٣٥ | ٣ | ٢ | ٠.٣٠ | * | ٠.١٠ | ٠.١٠ |
| | نزم | ١٢ | ١٥ | ٧ | ٦ | – | | – | – |
| ١٤ | بەرز | ٢٨ | ٥ | ٥ | ٢ | * | ٠.١٥ | ٠.٠٥ | ٠.٠٢ |
| | نزم | ١٩ | ١١ | ٧ | ٣ | | – | – | – |
| ١٥ | بەرز | ٣ | ٣٣ | ١ | ٣ | ٠.١٧ | * | ٠.٠٢ | ٠.٠٠ |
| | نزم | ١٠ | ٢٧ | ٠ | ٣ | – | | | |
| ١٦ | بەرز | ١ | ٣ | ٣٤ | ٢ | ٠.٢٠ | ٠.١٢ | * | ٠.١٠ |
| | نزم | ٩ | ٨ | ١٧ | ٦ | – | – | | – |
| ١٧ | بەرز | ٢٤ | ٧ | ٤ | ٥ | * | ٠.٠٥ | ٠.٠٧ | ٠.١٢ |
| | نزم | ١٤ | ٩ | ٧ | ١٠ | | – | – | – |
| ١٨ | بەرز | ٣ | ٥ | ٠ | ٣٢ | ٠.١٥ | ٠.٠٧ | ٠.١٧ | * |
| | نزم | ٩ | ٨ | ٧ | ١٩ | – | – | – | |
| ١٩ | بەرز | ٢٤ | ٣ | ٨ | ٥ | * | ٠.٠٠ | ٠.٠٢ | ٠.١٧ |
| | نزم | ١٨ | ٣ | ٧ | ١٢ | | | | – |
| ٢٠ | بەرز | ٢ | ٣٠ | ٦ | ٢ | ٠.١٠ | * | ٠.٠٧ | ٠.٠٥ |
| | نزم | ٦ | ٢١ | ٩ | ٤ | – | | – | – |
| ٢١ | بەرز | ٤ | ٥ | ٣ | ٢٨ | ٠.١٠ | ٠.١٢ | ٠.١٠ | * |
| | نزم | ٨ | ١٠ | ٧ | ١٥ | – | – | – | |
| ٢٢ | بەرز | ٢٩ | ٥ | ٢ | ٤ | * | ٠.١٠ | ٠.٢٠ | ٠.٠٧ |
| | نزم | ١٤ | ٩ | ١٠ | ٧ | | – | – | – |
| ٢٣ | بەرز | ٠ | ٨ | ٢٨ | ٤ | ٠.١٧ | ٠.٠٧ | * | ٠.٠٥ |
| | نزم | ٧ | ١١ | ١٦ | ٦ | – | – | | – |
| ٢٤ | بەرز | ٣ | ٣٢ | ٣ | ٢ | ٠.١٥ | * | ٠.١٠ | ٠.١٧ |
| | نزم | ٩ | ١٥ | ٧ | ٩ | – | | – | – |
| ٢٥ | بەرز | ٣٥ | ٢ | ٢ | ١ | * | ٠.١٥ | ٠.١٢ | ٠.٢٠ |
| | نزم | ١٥ | ٨ | ٧ | ١٠ | | – | – | – |
| ٢٦ | بەرز | ٦ | ٤ | ٣ | ٢٧ | ٠.٠٧ | ٠.٠٥ | ٠.١٢ | * |
| | نزم | ٩ | ٦ | ٨ | ١٧ | – | – | – | |
| ٢٧ | بەرز | ٢ | ٣٥ | ١ | ٢ | ٠.١٢ | * | ٠.١٧ | ٠.١٥ |
| | نزم | ٧ | ١٧ | ٨ | ٨ | – | | – | – |
| ٢٨ | بەرز | ٣٢ | ٤ | ٢ | ٢ | * | ٠.٢٠ | ٠.١٠ | ٠.٢٢ |
| | نزم | ١١ | ١٢ | ٦ | ١١ | | – | – | – |
| ٢٩ | بەرز | ٢ | ١ | ٣٣ | ٤ | ٠.٠٧ | ٠.١٥ | * | ٠.١٠ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | ٥ | ٧ | ٢٠ | ٨ | – | – | | – |
| ٣٠ | بەرز | ٢ | ٢ | ٣١ | ٥ | ٠.١٢ | ٠.٠٥ | * | ٠.٢٠ |
| | نزم | ٧ | ٤ | ١٦ | ١٣ | – | – | | – |
| ٣١ | بەرز | ٣٧ | ٢ | ٠ | ١ | * | ٠.٢٢ | ٠.١٢ | ٠.١٧ |
| | نزم | ١٦ | ١١ | ٥ | ٨ | | – | – | – |
| ٣٢ | بەرز | ٤ | ١ | ٣٣ | ٢ | ٠.١٠ | ٠.٠٥ | * | ٠.٢٠ |
| | نزم | ٨ | ٣ | ١٩ | ١٠ | – | – | | – |

**جێگیری پێوەر:**

توێژەران دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی، هەڵسان بە پێوانەکردنی جێگیری تاقیکردنەوەکە بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ ( Cronbach's Alpha ) بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری پێوەرەکە، ئەوەبوو گەیشتە (0.755) بەو هۆیەوەش دەرکەوت تاقیکردنەوەکە پلەیەکی جێگیری گونجاوی هەیە.

**٣-٧ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:**

ئەزموونەکە جێبەجێکرا لە ڕۆژی یەکشـــەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/١٢) لەســـەر بەندی ســـێیەم و چوارەم لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، و بەردەوام بوو تا ڕۆژی چوارشـــــەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/١٢). بەم شێوەیە ئەزموونەکە (٨هەفتە) ی خایاند بەجۆرێک لە هەر هەفتەیەک (٣) وانە بە هەر کۆمەڵەیەکیان دەگوتراوە.

**٣-٨ جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و ڕاستکردنەوەی:**

تاقیکردنەوەی پاشـــەکی بەدەســـتهێنانی چەمکەکان بەســـەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕۆژی چوارشـــەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/٢٦) جێبەجێکرا.

**٣-٩ هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی هەگبەی ئاماری ( SPSS – Version21 ) بەکارهێنراوە بۆ دەرهێنانی ئەم هۆکارە ئامارییانەی خوارەوە:

١- مربع كاي سكوير ( Chi – Square: $x^2$ ).
٢- تاقیکردنەوەی (T.test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان.
٣- هاوکێشەی جی کۆپەر ( J.Cooper Formula ).
٤- هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ ( Alpha Cronbach: α).

**٤: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان**

**٤-١ خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

**گریمانەی یەکەم:**

جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale) وانەیان پێ دەوترێتەوە، و ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە بەکارهێنانی ســـتراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو وانەیان پێدەوترێت لە تاقیکردنەوەی پاشـــەکی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

بۆ ســــەلماندنی ڕاســـتی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی تاقیکردنەوەوی بەدەستهێنانی چەمکەکان بۆ قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماری دەرهێنا، سـەرەتا تاقیکردنەوەی دابەشـبوونی سـروسـتی بۆ تاقیکردنەوەی بەدەسـتهێنانی چەمکەکان بە بەکارهێنانی تێسـتی شـابیروویلکس ئەنجامدرا، بڕوانەی خشــتەی ژمارە(٤-١٠)، نیشــانی دەدەن نمرەکانی تاقیکردنەوەی بەدەســتهێنانی چەمکەکان بۆ هەردوو گرووپەکە لە دابەشکردنێکی سروشتی وەرگیراون.

بەهاکانیp.value ی هەردوو کۆمەڵەکە دەرکەوتووە کە لە ٠.٠٥ زیاترە، بەجۆرێک بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی ( ٠.٢٥٢ ) بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٠.٣١٨) کە هەردوو گرووپ بەهاکانیان لە ٠.٠٥ زیاترە بەم جۆرە بەم ئەنجامە بۆمان دەردەکەوێت کە داتاکان دابەشکردنێکی سروستییان وەرگرتووە.

**خشتەی ژمارە (٤-١٠) تاقیکردنەوەی دابەشبوونی سروشتی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان بە بەکارهێنانی تیستی شاپیرو ویلکس**

| بڕگەکان | کۆمەڵەی | تێستی شاپیرو ویلکس | ژمارەی سامپڵ | P-Value | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمک | ئەزموونی | .949 | 24 | .252 | دابەش بوونی سروشتی یە |
| | کۆنترۆل | .953 | 24 | .318 | دابەش بوونی سروشتی یە |

پاشان توێژەر بۆ تاقیکردنەوەی ئاماری تائی (t.test) نموونەی سەربەخۆی ( independent sample t.tedt) بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهێنا، هەروەک لە خشتەی (٤-١١) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو:

**خشتەی ٤-١١ ئەنجامی T.test بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | ئاستی بەهاداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | ٢٤ | 17.50 | 3.612 | ٤٦ | 2.877 | 0.006 | بەهاداری ئاماریە* |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٤ | 14.75 | 2.982 | | | | |

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە بەهای (Tی هەژمارکراو) بریتییە لە (٢.٨٧٧)، و بەهای (Tی ئەگەری) یەکسانە بە (٠.٠٠٦) کە بچووکترە لە ئاسـتی بەهاداری (٠.٠٥) بە پلەی ئازادی (٤٦)، کە ئەمەش بەڵگەی بوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پاشــــەکی بەدەســــتهێنانی چەمکەکان بۆ بەرژەوەندی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، چونکە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە یەکســــانە بە (١٧،٥٠) بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بریتییە لە (١٤،٧٥)، بەم ئەنجامەی ســــەرەوەش گریمانەی ســــفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی بەدیل پەسەند دەکرێت.

**٤-٢ تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی گریمانەی یەکەم:**

ئەنجامەکانی گریمانەی یەکەم بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکەکان، بەو مانایەی ئاستی بەدەستهێنانی چەمکەکان لای ئەو قوتابییانەی بابەتی زانستەکۆمەڵایەتییەکانیان بەپێ ی مۆدێلی (Neale) خوێندووە، زۆرباش و بەرزترە لە ئاستی بەدەستهێنانی چەمکەکان لای ئەو قوتابییانەی هەمان بابەتیان بەپێ ی ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو وەرگرتووە، هۆکاری بوونی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میکانیزمەی ئەم مۆدێلە پێی ناسراوە لەگەڵ ئەو سوودانەی کە هەیەتی لە پرۆسەی وانەوتنەوە لە بواری تیۆری و کرداری بە هاوکاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و ئەو دەرفەتە ئەرێنیانەی کە ئەم مۆدێلە دەیڕەخسێنێت بۆ قوتابییان بۆ کارلێککردن لەنێوانیان و پشتبەستن بە یەکتری، ئەم ئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی (العبادي، ٢٠١٠) و (الجباوي، ٢٠١١) کە گەیشتبوونە کارایی مۆدێلی (Neale) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان، و دەستکەوت، و هەڵوێست بۆ ئەو بابەتانەی کە توێژینەوەی ئەزموونییان لەسەرکرابوو، بەو هۆیەوەش پاڵپشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەن.

لێرەوە دەکرێت بوترێت بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابییان، پێویستە مامۆستایان فێربکرێن لەسەر بەکارهێنانی مۆدێل و ستراتیژیەتەکانی فێرکردن و فێربوونی هاوچەرخ، کە هەڵدەستن بە کارلێککردنی نێوان قوتابییان و مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن، کە وا لە قوتابی دەکات ببێتە تەوەری سەرەکی کرداری وانەوتنەوەکە، کە بێگومان لە گرنگترین ئەو مۆدێل و ستراتیژیەتانەش مۆدێلی (Neale)ە کە لەم توێژینەوەیەدا لەسەر قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ( پرژەی بنەڕەتی کچان ) لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنرا.

لەبەر ئەوەی بەڵگەی ئاماری هیچ ئاماماژەیەکمان ناداتێ لەسەر زانینی کاریگەری نموونەی ( Neale) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان بۆیە توێژەران هاوکێشەی (ئیتا)یان بەکارهێنا بۆ دیارییکردنی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ نموونەی ( Neale) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**خشتەی ژمارە (٤-١٢) بەهای هاوکۆلکەی (ئیتا) قەبارەی کاریگەری نموونەی مۆدێلی (Neale) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | کۆمەڵە | قەبارەی چاوگە نموونە | (T) هەژمارکراو | نمرەی ئازاد | بەهای قەبارەی کاریگەری N2 | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مۆدێلی (Neale) | بەدەستهێنانی چەمکەکان | ئەزموونی | ٢٢ | ٢.٨٧٧ | ٤٢ | ٠.١٦٥ | زۆرگەورە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٢ | | | | |

لەخشتەی (٤-١٢) ڕووندەبێتەوە کە قەبارەی کاریگەری مۆدێلی (Neale) لە بەدەستهێنانی چەمکەکان لەجێبەجێکردنی پاشەکی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەپێی هاوکێشەی دووجای ئیتا بریتییە لە (٠.١٦٥)ئەم بەهایەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەریەکی گەورە لە وانەوتنەوە بەپێی کاریگەری مۆدێلی (Neale) لە بەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی کۆمەڵەی ئەزموونی بەراورد بە ناوەندەژمێری نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو. بۆ زانیی ئاستی قەبارەی کاریگەرییەکە بڕوانە خشتەی ژمارە (٤-١٣):

**خشتەی (٤-١٣) ئاستی قەبارەی کاریگەری دووجای ئیتا**

| بچووک | ناوەند | گەورە |
|---|---|---|
| ٠.٠١ | ٠.٠٦ | ٠.١٤ |

( p:280، 2012،Sullivan & Feinn )

**دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز:**

**١-٥ دەرئەنجام:**

پاش ئەنجامدانی چارەسەری ئاماری بۆ داتاکان، و لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکەمان.

٢- بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale) کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لای قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کچان لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

**٢-٥ ڕاسپاردە:**

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان، توێژەران ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکەن:

١- هاندانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale) لە وتنەوەی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دەستەبەرکردنی توانای قوتابییان بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان.

٢- ڕاهێنانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانەکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale)، بۆ ئاشناکردنیان بە سوودەکانی ئەم مۆدێلە و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەناو پۆلدا.

٣- چڕکردنەوەی توێژینەوەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale)، و چۆنیەتی پلاندانانی و جێبەجێکردنی و هەمەجۆرکردنی ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە، و گشتاندنی لەسەر نموونە جیاوازەکان، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری خوێنەر بەرامبەر گرنگی مۆدێلەکە لە کرداری فێرکردن و فێربوون.

**٣-٥ پێشنیاز:**

دەتوانرێت پێشنیازبکرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە داهاتوو، لەوانە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر مۆدێلی (Neale)، بە ئامانجی دەرخستنی کاریگەری ئەم مۆدێلە لە وتنەوەی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بە ئامانجی دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی ئەم مۆدێلە لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی تر.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی وەسفی ( باسکردن ) لەسەر ڕاستی بەکارهێنانی مۆدێلی (Neale) لەلایەن مامۆستایانەوە لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی


– أحمد و عادل محمد نوری سامان حسین (٢٠١٩): ئاراستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پسپۆڕییەکانیان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، ب ٢٣، ژ٣، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

– کەریم، ئالان پشتیوان (٢٠١٤)، بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.


### سەرچاوەی عەرەبی:


– المدير عام (٢٠١٠):مفهوم العلوم الاجتماعية منتدى طلبة علم الاجتماع، ٨/٤/٢٠٢٢.

– ابو جادو(٢٠٠٣):صالح محمد علي علم النفس التربوي، ط٣، دار المسيرة للنشر، الاردن.

– ابو رياش، حسين محمد(٢٠٠٧): التعليم المعرفي، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٧.

– أبو رياش، حسين محمد وقطيط غسان يوسف (٢٠٠٨): حل المشكلات، ط١، دار وائل، عمان، الأردن.

– الجباوي بان محمود (٢٠١٢): أثر أنموذج دانيال في التحصيل وتنمية الاتجاه نحو المادة العلمي لدى طالبات معهد إعداد المعلمات الصباحي للصف الخامس – قسم العلوم والرياضيات، مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية، مج (٢٠)، العدد (٢)، ص ص ٦١٠ –٦٣٦.

– الجنابي، قيس حاتم،هاني، واخرون(٢٠١٧): اثر انموذج بارمان في اكتساب المفاهيم التاريخية والاحتفاظ بها لدى طلاب الصف الاول متوسط مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والانسانية / جامعة بابل، العدد ٢٠١٧/ ٣١، شباط.

– الخليلي، خليل (١٩٩٦):"مضامين الفلسفة البنائية في تدريس العلوم"، مجلة التربية اللجنة الوطنية القطرية للتربية والثقافة والعلوم، ع (١١٦).

– السعدي، يوسف فالح محمد، (٢٠٠٩) أثر استخدام نموذج دانيال وكلاوسمير التعليمي في اكتساب مفاهيم علم الأحياء والاتجاه نحو المادة لدى طلبة المرحلة الثانوية، مجلة كلية التربية الأساسية – الجامعة المستنصرية، العدد ٥٦.

– الطناوي، عفت مصطفى (٢٠٠٩) التدريس الفعال، تخطيطه،مهاراته استراتيجياته، تقويمه، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

– العبادي، مرتضى حيدر شلاكة، (٢٠١٠): أثر انموذج دانيال في اكتساب المفاهيم الجغرافية لدى تلميذات الصف الخامس الابتدائي، كلية التربية أبن رشد، جامعة بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة.

– العتوم، عدنان يوسف و علاونة، شفيق فلاح و الجراح، عبدالناصر ذياب و ابوغزال، معاوية محمود (٢٠٠٦): علم النفس التربوي ( النظرية و التطبيق )، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، كلية التربية – جامعة اليرموك، عمان – الأردن.

– العزاوي، حسن علي فرحان، ومناضل احمد جعفر(٢٠١٥): اثر انموذجي بارمان) ولورسباتش) في اكتساب المفاهيم البلاغية والاداء التعبيري عند طلبة الصف الخامس الادبي، مجلة الاستاذ العدد الخاص بالمؤتمر العلمي الثالث، لسنه ٢٠١٥.

– المساري، مراد احمد ( ٢٠٢٠): أثر انموذج (nwale )في تحصيل مادة الرياضيات واكتساب المفاهيم الرياضية لدى تلاميذ الصف الخامس الابتدائي، رسالة ماجستير غير منشورة )، الجامعة المستنصرية، كلية التربية الاساسية.

– المنيزل، عبدالله فلاح و غرايبة، عايش موسى (٢٠٠٦): الإحصاء التربوي – تطبيقات باستخدام الرزم الإحصائية للعلوم الإجتماعية، كلية العلوم التربوية – الجامعة الأردنية، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع – الأردن.

– أمبوسعيدي، عبد االله والحوسينة، هدى(٢٠١٦): استراتيجيات التعلم النشط:٨٠ استراتيجية مع الأمثلة التطبيقية.عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة

– بهجات، رفعت (٢٠٠١): تدريس العلوم الطبيعية رؤية معاصرة، ط٢، القاهرة: عالم الكتب.

– راجي، زينب حمزة (٢٠٠٧): اثر انموذجي دانيال ومكارثي في اكتساب المفاهيم العلمية والاتجاه نحو مادة العلوم لدى تلميذات الصف الخامس الابتدائي، جامعة بغداد، كلية التربية، ابن رشد، اطروحة دكتوراه غير منشورة.

– شلايل، أيمن (٢٠٠٣): أثر" دورة التعلم في تدريس العلوم على التحصيل وبقاء أثر التعلم واكتساب عمليات العلم لدى طلاب الصف السابع"، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية، غزة،ط١. غزة: مكتبة آفاق.

– عبدالرحمن، سعد (٢٠٠٨): القياس النفسي (النظرية و التطبيق) ، ط٥، هبة النيل العربية للنشر و التوزيع – مصر.

– عبيد، وليم (٢٠٠٤): تعليم الرياضيات لجميع الأطفال في ضوء متطلبات المعايير وثقافة التفكيردار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الاردن.

– عفانة، عزو إسماعيل، والجيش، يوسف إبراهيم (٢٠٠٨): التدريس والتعلم بالدماغ ذي الجانبين،عليان، ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد (٢٠٠٠)، مناهج و أساليب البحث العلمي النظرية و التطبيق، ط١، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان – الأردن.

– فاضل، سحر حسين (٢٠١٨): فاعلية استراتيجية التعليم المتمايز في تحصيل طلاب الصف الرابع الأدبي في التاريخ، مجلةكلية التربية الأساسية للعلوم التربوية و الإنسانية، العدد:٣٨، جامعة بابل، العراق.

– محمد، منى (٢٠٠٤): "المدخل المنظومي وبعض نماذج التدريس القائمة على الفكر البنائي"، المؤتمر العربي الرابع، جامعة عين شمس.

- ياسين، واثق عبد الكريم (١٩٩٩): أثر استخدام المفاهيم الفيزيائية باستخدام خرائط المفاهيم ونموذج هيلدا تابا في التفضيل المعرفي لطلبة كلية المعلمين. رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية ابن الهيثم، جامعة بغداد. الأولى.

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Davis، E.: Models for Underston ding in methemetic، Arithetic Teacherspot، 197.
- Sullivan G. M. & Feinn R (2012). Using Effect Size – or why the p value is not enough. Journal of Graduate Medical. 4(3) pp.279-282.

# أثر استخدام نموذج (neale) على اكتساب المفاهيم لدى طالبات الصف التاسع في المواد الاجتماعية

**ارام غريب قادر**
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق.
aram.qadir@su.edu.krd

**بخشان حويز حسن**
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق.
pakhshan.h.hasan@su.edu.krd

**سرهد عثمان رمضان**
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق.
sarhad.ramadhan@su.edu.krd

**اشقى سليمان حسو**
قسم العلوم العامة، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق.
**ashqi.haso@su.edu.krd**

**الملخص:**

تهدف هذه الدراسة إلى معرفة أثر استخدام نموذج نيل على اكتساب المفاهيم لدى طالبات الصف التاسع في المواد الاجتماعية. استخدم الباحثان المنهج التجريبي واعتمدا على الخرائط التجريبية لمجموعتين (تجريبية وضابطة). تكون مجتمع البحث من طلاب الصف التاسع في مديرية التربية والتعليم ببنصلاوة للعام الدراسي (٢٠٢٤–٢٠٢٥) تكونت العينة الأولية للدراسة من (٤٨) طالبة، تم تقسيمهن عشوائيًا إلى مجموعتين، تم تدريسهن باستخدام نموذج نيل، وهما (٢٤) طالبة، و(٢٤) طالبة في المجموعة الضابطة التي تم تدريسها باستراتيجية التعلم الاعتيادي.

أعد الباحث (١٥) خطة تدريس، منها (١٥) خطة للمجموعة التجريبية التي استخدمت نموذج نيل، و(١٥) خطة للمجموعة الضابطة التي استخدمت استراتيجية التعلم الاعتيادي. وأستغرقت التجربة (٨) أسابيع في الفصل الدراسي الثاني للعام الدراسي (٢٠٢٤–٢٠٢٥).

بعد تطبيق أدوات البحث وجمع البيانات وتحليلها باستخدام البرنامج الإحصائي (SPSS)، توصل الباحث إلى النتائج التالية:

1. تفوق المجموعة التجريبية على المجموعة الضابطة في الاختبار البعدي لاكتساب المفاهيم.

2- استخدام نموذج نيل له أثر في اكتساب المفاهيم الجغرافية لدى طالبات الصف التاسع في مادة العلوم الاجتماعية.

**الكلمات المفتاحية:** موديل(Neale)، تحصيل المفاهيم، مادة الاجتماعيات.

## The Effect of Using the Neale Model on The Acquisition of Concepts Among Ninth Grade Girls in Social Subjects

**Aram Ghareeb Qadr**
Department of Social Science, College of Basic Education, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
aram.qadir@su.edu.krd

**Pakhshan Hawez Hasan**
Department of Social Science, College of Basic Education, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
pakhshan.h.hasan@su.edu.krd

**Sarhad Othman Ramadhan**
Department of Social Science, College of Basic Education, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sarhad.ramadhan@su.edu.krd

**Ashqi Sleman Haso**
Department of General Science, College of Basic Education, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
ashqi.haso@su.edu.krd

### Abstract

The aim of this study is to determine the effect of using the Nile model on the acquisition of concepts in social media students. Use of experimental methodology and reliance on experimental curves for groups (experimental and administrative). Become a research group of high-ranking students in the Directorate of Education and Training in Benslawa for the student year (2024-2025) Become the first look at a study of (48) students، vol They were randomly divided into groups، taught using the Nile model، and (24) students، and (24) students in the office group taught strategy Addiction Education.

Search for (15) instructional lines، including (15) lines for the experimental set using the Nile model، and (15) lines for the administrative set using the strategic model Addiction Education. and immersed the experience (8) weeks in the second academic year of the general academic year (2024-2025).

After applying the research tools and data collection and analysis using statistical software (SPSS)، the researcher reached the following results:

1- Comparison of the experimental set over the administrative set in the dimensional test for concept acquisition.

2- Using the Nile model in its effect on the acquisition of geographical concepts by high grade students in social sciences

**Keywords:** Model Neale, Concept acquisition, Social StudiesSocial Studi.